# هەڵەبجە و بارزانی

**هاوریێ زرنگ**

**من گەرچی لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بووم و دەروێشێکی دڵسۆزی بارزانی بوم و خەونم بە بالآیەوە دەبینی .بەلآم هیچ مەعلوماتم نیە کە بارزانی سەردانی هەڵەبجەی کردبێ و هەست ناکەم هیچ پەیوەندیەك لە نێوان (هەڵەبجە و بارزانی) دا هەبێت.**

**تەنها ئەوەندە دەزانم کە تازە شۆڕشی ئەیلول بەرپا بوو بوو جەماعەتی مەلا عوسمان عبدالعزیز فتوای جیهادیان لە دژی بارزانی راگەیاند ...ئیتر بە درێژایی شۆڕش تا ئاشبەتاڵ و لە دوایدا کە جارێکی تریش شۆڕش بەرپا کرایەوە تا ئەو رۆژەی هەڵەبجە بەر کیمیاوی درا و تا راپەڕین و شەڕی ناوخۆ، هیچ پەیوەندیەك لە نێوان هەڵەبجە و بارزانیدا نی‌یە کە شایانی باس کردن بێت ..تا ئەو کاتەی کە پارتی لە سلێمانی خرانە ناو کۆستەرەوە و رەوانەی هەڵەبجە کران، ئیتر لێرەوە پارتی و هەڵەبجە ئاشنایەتیان پەیدا کرد و رەنگە بارزانی‌کوڕ رۆژی چەندین جار بروسکەی بۆ هێزەکانی لە هەڵەبجە کردبێ .بەلآم بڕوا ناکەم کە بارزانی باوك زانیبێتی هەڵەبجە (قەزایە).**

**با سەرتان نەیەشێنم و بچمە ناو ئەو باسەوە کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، کە ئەویش ئەوەیە بەهۆی ئەو کارەساتە جەرگ بڕەی بەعس بەسەر هەڵەبجەیدا هێنا و بووە ناسنامەی ئازار و مەینەتیەکانی کورد و لە دونیادا دەنگی دایەوە و زۆر کەس هەبوە تا ئەو رۆژە رەنگە نەیزانیبێ خوا میللەتێکی دروست کردووە بە ناوی کوردەوە.**

**دوای راپەڕین هەر بەهۆی ئیسلامیەکان و حزبەکەی بارزانیەوە وەك دێوەزمە، کۆت بەندی دیلێتی خرایەوە گەردنی هەڵەبجە و رێگەیان نادا نەك کاری خزمەتگوزاری بۆ هەڵەبجە بکرێت .بەڵکو رێگر بوون لەوەی گەر پسپۆڕ و لێکۆڵەریار و رۆژنامەنوویش بچێتە هەڵەبجە و ئاسەوارەکانی کیمیا بارانکردنەکەی ببینێ .تا ئەو دەمەی کۆتایی بە شەمشەمەکوێرەکان هات و هەڵەبجە ئازاد کرا ..بە زوویی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان (سلێمانی)یەوە مۆنۆمینتێك دروستکرا وەك رەمزی ئازار و چەوساندنەوە و قوربانیەکانی هەڵەبجە و لەماوەی دروستکردنی مۆنۆمینتەکە تا ئێستا رەنگە سەدان وەفدی گەورەی جیهان و عێراقی سەردانی هەڵەبجەیان کردبێ و تاجە گوڵینەیان خستبێتە سەر مەزاری شەهیدەکانی .کە سەردانی کۆڵن پاوەڵ و تاجە گوڵینەکەی گەورەترین مەغزای سیاسی هەبوو، زۆرترین کاریگەری لەسەر سارێژبوونی برینەکانی هەڵەبجەییەکان هەبوو .بەم دواییەش سەردانی غازی یاوەر سەرۆك کۆماری عێراق و داگیرساندنی مۆم بۆ روحیانەتی قوربانیانی هەڵەبجە**

و سەردانی بەردەوامی پۆل پۆل وەفدی بیانی بۆ هەڵەبجە، بە جیهانی کردنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان و ناساندنی ئازارەکانمان بە جیهان ...دەکرێت بڵێین )بە ڕەمز کردنی هەڵەبجە (واتا ناساندنی کێشەی کورد .کە ئەمەش تێڕوانینێکە لەنێو کوردا دەیەوێت گەلی کورد بە ئازارەکانیدا بناسرێتەوە و برینەکانی جەستەمان و مەزلومیەتمان ناسنامەمان بێت و قوربانیەکانمان ڕەمزمان بن.

بەڵام لەبەرانبەر ئەم هەوڵە نەتەوەییەدا هەوڵێکی تەسك بین و بەرژەوەند خوازی و عەقڵیەتێکی خێڵەکی هەیە کە دەیەوێ سەرۆك خێڵێك ببێتە ڕەمزی گەلەکەمان، ئەوەتانێ ڕۆژانە لە شاشەی هەردوو سەتەلایتی کوردستان tv‌و کوردساتەوە بڕوانن کە لە سلێمانی و حکومەتەکەی(ی.ن.ك) چەندین وەفد دەعوەت دەکرێن بۆ سەر مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە و لای پارتی و حکومەتەکەی هەولێر چەندین وەفد پەلکێش دەکرێن بۆ سەردانی(مەزاری بارزانی) و لە داهاتی ئەم وڵاتە و پارەی ئەم گەلە دەکرێن بەدیاری و قوڕگی ئەوانەوە وا سەردانی مەزاری بارزانی دەکەن ...من دەپرسم هەڵەبجە ببێتە ڕەمزی گەلی کورد باشە یان بارزانیو برایم ئەحمەد..؟ سبەی مۆنۆمێنتێك بۆ ئەنفال دروست بکرێت و هەر وەفدێك هاتە وڵاتی من سەردانی مەزارگەی هەڵەبجە و ئەنفال بکات یان(بارزانی و ئیدریس)..؟ لێرەوەیە کە مرۆڤ لەم وڵاتەدا هەست بە مەترسی دەکات بۆ داهاتوو، سڵ لەوە دەکرێتەوە کە گەر ئەم وڵاتەی ئێمە ئیمکانیات و هێز و پارەی زۆری بوو لە سەدام خراپتر نابن..؟ کە ئێستا بیانەوێ هەڵەبجە بسڕنەوە و بۆیان بکرێت مۆنۆمێنتەکەی بتەقێننەوە تا کەس سەردانی هەڵەبجە نەکات و ناچارمان بکەن بۆ سەردانی(مەزاری بارزانیان).

توخوا خەڵکینە لە نێوان هەڵەبجە و بارزانیدا بەراوردێك بکەن و خۆتان حوکم بدەن .تاجە گوڵینە بخەینە سەر (5)پێنج هەزار ڕوحی پەپولە ئاسا، یان دوو لاشەی تا بینە قاقا سوور بوو لە خوێنی لاوانی کورد..؟ ویژدانتان بکەنە حەکەم و بڕیار بدەن ...هەر بۆیە پێشنیاز دەکەم کە یەکێ لە سایتەکان ڕاپرسیەك بکات و خەڵك دەنگی لەسەر بدەن، کامیان بکەنە ڕەمز( هەڵەبجە یان بارزانی).